# * گفتوگۆ

کارزان عوسمان
Karzan984@yahoo.com



(بە کچەکەی ناو خەیاڵی خۆم پێشکەشە)

من هەمیشە دەڵێم:
-گەر تۆ نەبویتایە
دڵنیام ئێستا پیاوێکی چەتون بوم
لە سەر سوچی کوڵانەکانی مەرگ رادەوەستام!

تۆیش پێم دەڵێیت:
+ئەگەر تۆ نەبویتایە
هەمیشە لای بەخت گروەوەکان دەکەوتم
بەشوێن چارە نوسما دەگەرام!

من دەڵێم:
-گەر تۆ نەبویتایە
قەت لە ئاو تێنەدەگەیشتم
هەرگیز ژێوان نائەبومەوە
لە ڕاو کردنی تەیرەکان

تۆیش دەڵێیت:
+ئەگەر تۆ نەبویتایە
ئێستا شوم کردبو بە پیاوێکی
سمێڵ بابۆڕی خاوەن دیوەخان

-گەر تۆ نەبویتایە
ئێستا کوڕێکم هەبو لە وەهم
کچێکم هەبو لە خەون و
ئێواران
دەمبردن بۆلای دڵنییای!

+ئەگەر تۆ نەبویتایە

دڵنییام خۆشی نە دەکردەوە

تەرزەی خەمی بێ کۆتای!

-گەر تۆ نەبویتایە

ئێستا ماڵێکم هەبو لە لم

باخێکم هەبوو لە گومان

تەفسیرێکی ترم دەبوو بۆ ژیان!

+ئەگەر تۆ نەبویتایە

ئێستا لە کوێ ئەم ناسی عیشق

لە ژێر سەیوانێک دەگەڕام

شەوانی پڕ باران

-گەر تۆ نەبویتایە

خۆم نەئەدایە دەست قەدەری عیشق

بۆئەوەی ببمە پیاوێکی خانە دان...

بازرگانیم بە کاتەوە دەکرد

+ئەگەر تۆ نەبویتایە

ئەبوم بە سۆزانی

لە کۆشکی پیاوە بەد فەساڵەکاندا

سەمام دەکرد

-گەر تۆ نەبویتایە

وەسوەسەی خۆ کوشتنم لەسەرم دەر نەدەکرد

هەر پیاوێکی وجودی دەبومەوو

عەسران لەگەڵ تەنییای پیاسەم دەکرد

+ئەگەر تۆ نەبویتایە

ئەبوم بە ڕاهیبێکی خنجیلانەو

مانم لە شوکردن دەگرت

-گەر تۆ نەبویتایە

گاڵتەم بە شێتەکان دەکرد

دوکانێکم دادەناو

عیشقم تێدا مە زاد ئەکرد

+ئەگەر تۆ نەبویتایە

ئێستا, حیکایەتەکانی نەنکمم

بە کەمێک دەست کارییەوە

بۆ کچە زاکانم دەکرد

-گەر تۆ نەبویتایە

ئەبوم بە پیاوێکی ئەفلاتونی

شاعیرەکانم

لە کۆماری خەیاڵمدا دەردەکرد

+ئەگەر تۆ نەبویتایە

وەکو ژنە قەرەجێک

لەسەر شۆستە ڕەنگ زەردەکان

سواڵم لە پیاوە نەوسنەکان دەکرد!

-گەر تۆ نەبویتایە

ئێستا..

لەگەڵ تەنهای

گفتوگۆم

دەکرد!

*لە ژمارە 22 ی گۆڤاری (هەنار)دا بڵاو کراوەتەوە.